چیرۆکی ژیانم

باوکم لەبەر ژنەکەی واز لەئێمە دەهێنێ

بەشی یەکەم

پ.ن

ئەو کاتەی کە باوکم باسی هەندەرانی بۆ دەکـــردین، بەتـــەواوی لەماناکـــەی نەدەگەیشتم، تـازە بـەرەو شەشـەمین بەهاری تەمەن دەڕۆیشتم، تـەنیا ئـەوەم دەزانی کە لەوێ کارەبای بـەردەواممان دەبێو هەرگیز ئاومان نابڕێ. ئەوەش بۆ ئێمـە جێگـەی خۆشـحاڵی بـوو. ئێمـە لەکوردسـتان کارەبـای بـەردەواممان نەبوو. کارەبا منداڵێکی لاساریبوو، یاری چـاو شـارکێی لەگەڵـدا دەکـردین، ١٠ خولەك خۆی پێشان دەداینو ٨ کاژێر خـۆی دەشـاردەوە. یـەك چـارەك چـاوەکانی هەڵـدێناو دوو دانـــە رۆژ دایدەخسـتن. بەڵێنـەکانی بـاوکم، مـنو دایکمـی شاگەشـکە کردبـوو. براکـەم تەمەنی سێ ساڵان بوو، سەری لـەکۆچو هەندەران دەرنەدەچوو. دایکم بـەزمانی منداڵانە باسی هەندەرانی بـۆ دەکـردین. بەهەشـتی شـاری یـاریو خوێندنگـەی دەهێنایـە بەرچـاوممان. ئێمـە خۆمـان ئامـادە دەکـردو هیواخوازبـووین کـە هەرچی زووترە کارەکانمان تـەواو ببێو لەگەڵ باوکمدا بـڕۆین. دوو سـاڵ زیـاتر بوو کە باوکم لە وڵاتێکی دوورە دەسـت گیرسابۆوە. ئەوە یەکەمین جار بـوو کـە بەسەردان بێتەوە کوردستان.

شـەڕی نێوەخـۆ بـاڵای کردبـوو، تـەڕوو وشـك بەیەکـەوە ئـاگر دەدران. لەبـەر دەنگـی کاتیوشـاو ترسـی تۆپبـاران ژیانمان لێتاڵ بوویوو. هاتنـەوەی بـاوکم ئومێدی گەورەی لەدڵی دایکمو باوەژنم چاندبوو. دایکم دوو منـداڵو باوەژنیشم یـەك منـداڵی هـەبوو. بـاوکم بـەڵێنی پێدابووین کـە هـەموومان لەگـەڵ خۆیـدا دەبـات. ئـەو ماوەیـەی کـە بـاوکم بەسەردان هاتبۆوە، زیاتر لەلای باوەژنم دەمایەوە، هەندێ جار بۆ ماوەی چـەند سەعاتێك دەهاتە لای ئێمـەو دڵ گـەرمی دەکـردین، بـەبیانۆی تـەواوکردنی پاسەپۆرت بەخێرایی دەڕۆیشتو بەڵێنی دەدا لـەزووترین دەرفەتـدا دێتـەوە. ماوەی ٤٠ رۆژ بوو باوکم لـە کوردسـتان بوو، رۆژێکیان کە پەلەیی پێوە دیاربوو، هاتـەوە، دایکمـی جیاکردەوەو هەنـدێ قسـەی لەگەڵـدا کـرد. دایکـم نیگـەرانی لێباری بوو، شڵەژابوو. جلو بەرگی منی دەگۆڕیو دەیگوت: (ئاخر دەترسم سەر نـەگرێو ئێمـە بمێنینـەوە!!!). بـاوکم قسـەی خۆشـی بـۆ دەکـردو دڵ نـەوایی دەکرد. دایکـم لـەنێو تـرسو دڵەڕاوکێـدا دەژیـا، منـی ماچـکرد، چـەند دڵۆپـە فرمێسکێك لەچاوانیەوە دەربوون. باوکم دەستی منی گرتو لەماڵ وەدەرکەوتین. من نەمـدەزانی لـەدایکمو براکـەم جیـام دەکاتـەوە، وام دەزانـی دەچـینە مـاڵی دایـە گچـکەو دوایـی دێینـەوە، بـەڵام وا دەرنەچـوو، چـۆن لـەماڵ دەرچـووین، ئیدی نەگەڕاینەوە. هەر ئەو رۆژە بەرەو زاخۆ بەڕێکەوتین. ئێوارەکەی گەیشتینە تورکیا.

یەکەمین شەو زۆر غەریبی دایکمو براکەم دەکرد، لە باوکمم پرسی: (باوکە! بۆ دایـەو مامۆسـتا نـەهاتن؟!) (براکـەم بەناوی باپیرم کراوەتەوە، پێی دەڵێین مامۆسـتا). باوکم بـە پێکەنینیـەوە وای تێگەیاندم جارێ ئێمـە دەچین، دواتـر ئـەوانیش دێـن. چـەند رۆژێـك لـەتورکیا ماینـەوە، بـەرۆژ سـەردانی سـەفارەتمان دەکرد، شـەوانەش دەچـووینە دەرەوەو دەگەڕاین. ئیستەنبۆڵ شـارێکی گـەورەو جوان بوو. زۆر چێژم لـە شـاری یـاریو گەڕانـەکانی سـەر دەریـا وەردەگـرت. بـاوکمو بـاوەژنم داوایـان لێـدەکردم کـە بەدایـە بـانگی بـاوەژنم بکـەم. هـەرگیز بەدایە بانگم نەکردبوو، باوکم دەیگوت: دەبێ سەفارەت وا بـزانن کـە تـۆ کـوڕی ئـەویت، ئەگـەر بـزانن دایکێکـی دیکـەت هەیـە ئـیتر کارەکـەمان تێکدەچـێو دەمانگێڕنـــەوە. مـــن بەناچـــاریو بەنابەدڵیەوە بەدایە بانگم دەکرد، بـەڵام ئەو پێمپێدەکـەنیو مـۆڕەی لێـدەکردم. تەمەن بواری ئەوەی نەدەدام کـە نـاخی بخوێنمەوە، بەڵام هەستم بەناحەزی ئەو دەکرد. رۆژ دوای رۆژ زیـاتر ئولفـەتم بـە بـاوەژن دەگـرت، ئەگەرچـی غـەریبی دایکمو مامۆستام دەکرد، بـەڵام هـەرگیز نەمدەوێرا ناویان بهێنم. باوکم وای تـێ گەیانـدبووم کـە هـەرگیز نـابێ ناویـان بهێنمو باسیان بکـەم. ئـیتر وردە وردە لـێم دوور دەکەوتنـەوە، بـەرەو خانـەی فەرامۆشـی دەڕۆیشـتن. شـەوانە منیـان لەژوورێکی تەنیا دەخەواندا. کاتێ تەنیا دەبـووم، بـیری دایکـمو مامۆسـتام دەکـردەوە. هەنـدێ جـار خـەونم پێـوە دەدیتن، لەخەو رادەپەڕیم. کاتێـك خـۆم لـــەژوورێکی تـــەنیا دەبینیـــەوە، زۆر دەترسـام، خـۆم گرمۆڵـــە دەکـردو دەگریام.

دوای ٣ مـانگ مانـەوە لـەتورکیا بـەرەو وڵاتـی نـوێ رۆیشـتین. بـاوکم باسـی فرۆکـەی بـۆ کردبـووین، بۆیـە لێـی نەدەترسایین. ئەگەرچی سـەفەرەکەمان یـەکجار دوورودرێـژ بـوو. دوای چـەندین سـەعات، لـە فڕگەیـەك نیشـتەوە، ئێمـە هاتینە خوارێ. باوکم دەیگوت: (ئەمـە نیوەی رێگەمانە!)، لەترانزێت دابـەزین، چـووینە رێسـتۆرانو فراوینمـان خـوارد. مـاوەی هەشـت کـاژێر لـەوێ ماینـەوە، دواتر سواری فرۆکەیـەکی دیکـە بـووینو دەستمان بەفڕین کردەوە.

هـەواری نـوێ دڵگـیرو سەرسـەوزبوو. لـەخانوێکی گـەورە گیرسـاینەوە، مـن ژووری تایبـەتی خـۆم هـەبوو. کـە تەلـەفزیۆنو ئـەتاری تێـدابوو. هـەرگیز کارەبـا نـەدەبڕا. ئـاوی سـاردو گـەرمی بـەردەواممان هـەبوو، ئەوانـەم بەچـاوی خۆم نەبینی بوو، دڵم پێیان دەکرایەوە، جـار جـارە بـیری دایکـمو مامۆسـتام دەکـرد، بـەڵام لەترسـی بـاوکمو دایکـی نوێ، بـۆم نـەبوو باسیان بکـەم. ئـەوان دەیـانگوت: (ئەگـەر دەوڵـەت بزانـێ، سـزامان دەدەن، دەرمـان دەکـەنو دەماننێرنەوە). بەجۆرێکی ئەوتۆ منیـان ترساندبوو کـە نەمـدەوێرا خەونیشـیان پێـوە ببینـم. ئەگـەر خەونیشـم پێـوە دەدیـــتن، نەمـــدەوێرا بیگێڕمـــەوە. نەدەبوایـــە لەفێرگـــە باســـی دایکـــمو مامۆسـتا بکـەم. جارێکیـان دایکـم تەلەفۆنی کرد، باوکم قسەی لەگەڵ کرد، من لەدڵەوە حەزم دەکرد قسەی لەگەڵدا بکـەم، دیـاربوو دایکیشـم داوای منـی دەکرد، بەڵام دایکی نوێم خـۆی لـەباوکم تـورەکرد، بەشـێوەیەکی ئـەوتۆ دەنگـی بەرز کردەوە، ئیتر باوکم داواکـەی رەت کردەوە، گوێم لێبـوو، پێیگـوت: (لێـرە نیـە، لەفێرگەیـە، جـارێکی دیکـە خـۆم تەلەفۆنت بۆ دەکەم، ئەوجار بـا قسـەت لەگەڵـدا بکـات). مـن لـەوێوە هەسـتم بەبێدەسـتەڵاتی باوکم کرد. رۆژی داویـی لەسـەر بڕیـاری دایکـی نـوێم ژمـارە تەلەفۆنەکە گۆڕدرا، ئیتر دایکم نەیتوانی جارێکی دیکە تەلەفۆن بکاتەوە.

ژیـانی فێرگـەو هەوڵـدان بـۆ فێربـوونی زمانێکی بیانی منداڵ سـەرقاڵو گیرۆدە دەکات. من خـەریکی خوێنـدنو فێرگـە بـووم، بـەیانیان سـەعات ٧:٣٠ لـەماڵ وەدەر دەکـــەوتمو ســـەعات ١٦ دەهاتمـەوە. ئاگـام لەخۆشـم نـەمابوو، دایکـی نـوێم لەسـەرێکەوە ئامۆژگـاری دەکـردمو داوای لێـدەکردم کـە دەبـێ هەرچـی لەدەوروبـەر روو دەدات بـۆی بگێڕمەوە، لەسەرێکی دیکەشەوە ترسی لەبـەر دەنـامو هەڕەشـەی لێـدەکردمو دەیگـوت: (ئەگـەر لـەلای مامۆسـتاو قوتابیەکانی دیکە باسی ئەوە بکەی کە دایکێکـی دیکـەت هەیـە، گوشـاوگۆش سـەرت دەبـڕم!). وام لێهـاتبوو ئەگـەر باوکیشم باسـی ئـەوانی بکردبایـە، خـۆم نەبان دەکردو وام پێشان دەدا کە ئەوانم لـەبیر نـەماوە. لـەبیرکردنی دایکـمو مامۆستا بۆ من خەمێکی گـەورە نـەبوو، بەڵام هەڵسوکەوتی دایکی نوێم نیگـەرانو پەســـتی دەکـــردم. رۆژ دوای رۆژ چوکەتری دەکردمەوە، بەردەستی خۆی پێـدەکردم. نەیدەهێشـت تێکـەڵاوی هـاوپۆلانم ببـم. سـامی بەسـەرمدا زاڵ بووبوو، وام لێهاتبوو هـەموو شـتێکم بـۆ دەگێڕایـەوە. بـاوکم نـەك باوەشـی بـۆ نەدەکردمـــەوە، بـــەڵکو هەمیشـــە ئامۆژگاری دەکردمو داوای لێدەکردم کە لەفرمانی دایکی نوێ دەرنەچم.

دەروون

دونیا

دەمم نەبێ هاکەم، قاچم نەبێ راکەم

جاران دیکتاتۆرەکەی بەغدا بەشێوەیەکی وا دەمی خەڵکی داخستبوو کـەس نـەی دەوێرا لـەماڵی خۆیشـیدا بەئاشـکرا هێـرش بکاتـە سـەر رژێـم. ئـەوکات نوکتەویـەکیان بەسـەر (عـزت دوری)دا دروسـت کردبـوو، گوایـە رۆژێکیـان ترێـك لێ دەداو یـەکێك لەمندالەکانی سەدام گوێی لێ دەبـێو لێـی دەکـا بەهـەڵا، ئـەمیش دەڵـێ دەی باوکت دەممانی داخستووە تۆش (هینمان) داخە. ئەو نوکتەیە ئەگەرچی راست نییـە، بـەڵام هەموو شتێك لە رژێمی دیکتاتۆری دەوەشێتەوە. ئێستا خۆ دیکتاتۆرییـەت بـەرەسمی نـەماوەو راپـەڕینمان کـردو دامو دەزگاکانیمـان هەڵتەکانـد، بـەنیازی دامەزرانـدنی حکومەتێکی دیموکراتین، وەلێ بەداخەوە ئێستا زەمانێکە نەك تەنها دەم بـەڵکو دەبـێ مرۆڤ سەرجەم کونـەکانی لەشـی خـۆی دابخـات. فـەرمانت پـێ دەکـرێ چـاوت داخـەو سەیری کردەوە جوانەکانمان مەکە، لـەناو داموده‌زگاکـان فەرەمانبـەرەکانمان مەبینـە چی دەکەن یان نایکەن بۆت نیە تەماشایان بکەیت، خۆت کوێرکە لەئاستی ئـەو فیلمـە خراپانەی کە بەنهێنی گیراون، دزەیـان کردۆتـە دەرەوەو تیایـدا ئـەو شـەرەفانە ئـەتك دەکەن. گوێت داخەو گوێ مـەگرە لـەو حکایەتـە نهێنییانـەی کـە لەپشتی پـەردەوە، لـەنێوان خۆمـانی دەسـەڵاتداردا دەیکـەینو نەخشـەی دادەنـێین بـۆ کـۆنترۆڵ کردنـی سەروەتو سامانی وڵات، قورقوشم بخـەرە گوێتـەوە، بـا گوێـت لەمامەڵـەی فرۆشـتنی تەندەرەکان نەبێ، گوێ قوڵاغ مەکەرەوە لەچرپەی ئەو مۆبایلە نهێنییانەی کە لـەنێوان بەرپرس‌و کچە جوانەکان دەکرێت. ئـەوە بـۆ دانـانی کـاتو شـوێنی ژوانەکانـە، هـەقت چییە بەسـەر ئـەو کەسـەوە کـە بەتـەنها لـەژووری جـەنابی فـەڵان دانیشـتووە، دیـارە میوانی تایبەتەو ئیشـی تایبـەتی هەیـە. ئـەی پێتیـان نـەوت رامەوەسـتە کۆبوونـەوەی هەیە، بۆ ناڕۆی دەتەوێ هەتا ئەو پەریو شـۆڕو شـەنگە نـەبینی لـەکاتی دەرچـوونیاو دڵنیا نەبی لەقۆز ماکیاجەکەی ئێرە جێنەهێڵی بەڵاسیکترب‌ە.. دەڵێن لوتت بگـرە بـۆت نییە بۆنی ئەو گوڵو رێحانەو رووەکە تایبەتانە بکەیت کە لەوڵاتـە زۆر دوورەکانـەوە بـە دیاری هێناویانن، بۆ باخچـە هەڵواسـراوەکانی وردە ئیمپراتۆرەکـان، تـەنها بـۆت هەیـە بۆنی سیاناوی کۆڵانە گەناوەکان بکەیت، نەخەڵەتێی بۆنی ئـەو رێسـتۆرانتو گۆشـتو خواردنەوانە بکەیت کە بۆ بەرێزان ئامادەکراون، تۆ هەر نەتدیونو نـەیانت بیسـتووە بـا نەبورێیتەوە.

وریایـت پـێ دەدەیـن دەسـتو قاچـەکانت ئەگـەر بـۆ پاسـەوانی ئێمـە بـەکاری ناهێنیو بـەرەو شـوێنی نادیـارو ئـازادی بـوون هـەنگاویان پـێ هەڵـدێنێ، پەنجـەکانت ئەگەر بۆ نووسینی پیرۆزییەکانی خەباتو هاندانی جەماوەرو جوولـەی زینـاتی تفـەنگی حەفتاو هەشتاکان دەخەیتەگەڕ هەموویان دەشکێنێنو دەیانبڕینەوە.. ئەی ئەوە نییـە ئازادی پڕ لەقەیدو شەرتو نانی لوبنانیو بەنزینی ئێرانی، شـوقەی ئـەوروپیو سـپلیتی چوارتەنی.. هتد وڵاتی ئاوەدان کردۆتەوەو وەکو خۆڵ کاڵاشە دەکەن. ماڵتان کـاوڵ بـێ دەبـا پشـوویەك بـدەینو هیلاکـی پێشـمەرگایەتیەکەمان دەرچـێ، هـەمووی پـانزە تـا بیست ساڵێکی دیکە ئێوەش یان دەگـەن بەئێمـە یـان لـەداخانا دەمـرن. ئەگـەر مـانو نەمردن دڵنیابن ئەوکاتە وەکو پاکیزەکانی میسر دەتانکەن بەکەنیزەو خزمەتکار، ئـەی لەلادێو گوندەکانیش هەر خزمـەتکار نـەبوون.. ئێـوە وەکـو مێگـەل بـەرەو سـندوقی دەنگدان رۆیشتنو لەوێ خۆتان بڕیارتان دا، چیترتان بۆمـان کردووە؟. ئێمـەی غـەدر لێکراو بەرگریمان کرد لەکوردستانێکی گـەورە، کەچـی ئێسـتا حەسـوودیتان بـەوەدێت چەند پارچە زەوی بچووکی ناو شـارو هەنـدێ پـڕۆژەو بەنزینخانـەو پارکمـان هەیـە؟. هەی بێ ویژدانینە خوابناسن بۆ رادەپەڕن بەرانبەرمان، بۆ ئەوەنـدە بـێ سیفەتـو بـێ مروەتن، ئەنفالەکانتان لەبیرچـوو کیمیابـارانو گوند رووخانـەکانتان نایەتـەوە، تۆخـوا چی دەورێکمـان هـەبوو؟. ئێمـە نەبووینایە کـێ ئێـوەی دەهێنـا بـۆ نـاو شـارو فێـری ماکسیو سترێچو مایەی گوڵداری دەکردن، بۆ ئەوەندە نمەك حەرامنو بێ دەنگ نـابن، بۆ خۆتان کڕو کپ لێی دانیشنو وەزعمان لێ تێك مەدەن، ئەگینا دەتانخەینەوە شاخ.

سێکس لەنێوان پیرۆزیو بەرەڵایدا

م/ بێستون جەلیل

سێکس چ وەکو ئـارەزوو چ وەکـو کردەوە، لەگەڵ پەیدابوونی ئـادەمیزاد پەیـدابووە، پێکهاتـەی لەشـی مـرۆڤ بەشـێوەیەکە کـە لـەرووی کیمیـایییو فیزیاییـــەوە پێویســـتییەکی زۆری بـەخۆراكو ژینگـەی تایبـەت هەیـە بـۆ مانەوەی جۆرەکەی خـۆی لەسـەر گـۆی زەمین، لـەم پێناوەشدا بـە بـەردەوامی لـەململانێی دەوروبـەرو دژەکـانێتی بـۆ خۆپاراستن لە لەناوچوون، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە ئەگـەر سـەرجەم ڕەهەندەکانی مانـەوەی ژیـان بـۆ مـرۆڤ دابـین بکرێـتو تـەنها دوورە پـەرێزبێت لەکاری سێکسی ئـەوە بـە تێپـەڕبوونی کـات لـەناو دەچـێتو (إنقراچ) دەکـات، چـونکە کـاری سێکسـیو ئامانجەکـەی دووشـــتی زۆر پـــیرۆزن، لەلایـــەك دەبێتەهۆی بەرهەم هێنانی نەوەی نوێو لەلایەکی دیکەشـەوە بـەهۆی ئـەو تـامو چێژەوە کە نێرومێ لەیەکتریدا دەستیان دەکـەوێت هێمنـیو ئارامیـەکیان بـۆ دروسـت دەبـێ، ئینجـا ئەگـەر ئـەو دوو کەسە ژنو مێردی یەکتری بـنو کێشـەی پێداویستییەکانی ژیانیان کەم بێت یـان هـەر نـەیانبێت. پیرۆزییـەکانی سـێکس پەیوەندییـەکانی ژیانیـان زۆر بـەهێزتر دەکـات، بەپێچـەوانەوە کـەمی یـان نـەبوونی کـردەوەی سێکسـی بـۆ ژنو مێرد رەنگە بەرەو لێك دابڕان بیانبات تەنانـەت ئەگـەر بچـووکترین کـەمو کوڕیشیان نەبێ.

لەسـەرجەم فەلسـەفەو ئایدیاکانـدا قسەکردن لەسـەر سـێکس چ وەکـو دەق چ وەکـو لێکدانـەوە پانتایـەکی زۆری داگیرکـــردووە، لـــەئایینی ئســـلامدا پانتاییەکە فراوان تره، بـەڵام بۆچـوونو لێکدانـەوەی زۆرجیـاواز جیـاواز بـۆ ئـەو کردەوەیە کراوە کە هەندێکیان یـەکجار ترسناكو بڤـەن، لـەناو ئـەو هەمووانـەدا رایـەکی زۆر سـەیری (دکتـۆر محمـود)ی جسری هەیـە لەکتێبێکـدا کـە تەنانـەت هـۆی دەرپـەڕاندنی ئـادەمو حـەوا لەبەهەشـتدا دەگێڕێتـەوە بـۆ هـۆی سێکسـی. ئـەو دەڵـێ: ئـەو دارەی کـە خوای مەزن فەرمانی پێدابوون لێی نزیك نەکەونـەوە (داری ژیـان بـووە) واتـە (شـجیرە الحیـات). ئەمـەش بـەمانای ئەوەدێت نزیك بوونـەوە لـەو دارە نـەوە زیاد دەکات لەبەهەشتداو دوایی یاساکان تێك دەچن...

(فرۆیـد) کـە دەروونناسو کۆمـەڵ ناسـێکی نەمسـاوی بـوو تـا ماوەیـەکی زۆریـش رایـەکانی وەردەگـیراو پەسـند بـــوون لـــەرووی بـــەرەڵاییو ئـــازادی سێکسـیەوە، بـەڵام ئێسـتا خـەڵکی هۆشیار بـوونو تیـۆرە فەلسـەفیەکەیان پووچـــەڵ کردۆتـــەوە. ئـــەو دەیـــووت هەرچـەندە خـۆم قەناعـەتی تـەواوم پـێ نییـە، بـەڵام سـەرجەم پەیوەندییـەکانی کۆمەڵگە لەدایکبوونەوە هەتا فەنا بـوون لەسـەر هـەردوو غـەریزەی (سێکسـیو دوژمنایەتییە)...

سێکس خۆی پەیامێکی مرۆڤایەتی مەزنـە، نـەك تـەنها لەبـەر خـاتری زیـادبوونی نـەوەو درێـژەدان بەتەمـەنی مانەوەی ئادەمیزاد لەسەر زەوی، بەڵکو لەبـەر ئـەوەی لـەناو خـودی سێکسـدا مرۆڤایەتیو خۆشەویستیو بەختـەوەری دەبینـرێ ئەمـە ئەگـەر لەسـنووری یاسـاییو شـەرعی بێـا، دوور لـەکاری ئاژەڵیانـەو بـەرەڵایی. چـونکە ئـەوە لەهەموو فەلسەفەو رێبازێکدا پەسندی نییـەو نـەکراوە. تەنانـەت (لیـنین) لەوەڵامی (ڕۆزا لۆکسمبۆرگ)دا کە داوای سەربەستی بێ قەیدو شـەرتی سێکسـی کردبوو ئەوەی رەفز کردووە، ووتوویەتی ئەگـەر دابێـت ئـەوە ژنو پیـاو وەکـو کوپەی ئاوی خێرایتان لێ دێت کە هەموو کەس بەیەك جام ئـاو بخۆنـەوە، دیـارە ئەم هەموو خەڵکەش ئەگەر بەیەك جام ئاو بخۆن حەتمەن نەخۆشییان لـێ بـڵاو دەبێتـــەوە.. لێکدانـــەوەی ئـــەو ڕاو بۆچـــــوونانە دەمانگەیـــــەنێت بەدەرئەنجامێك کە: کـردەوەی سێکسی ئەگـــەر هەنـــدێ بنـــەماو یاســـایی تەندروســـتیو کۆمەڵایـــەتیو شـــەرعی نـەبێتو چـاودێریو بەدواداچـوونی بـۆ نـەکرێت، هەنـدێ کێشـەی زۆر گـرنگ دەنێتـــەوە.. یـــەکێك لـــەو کێشـــانە بڵاوبوونـەوەی کۆمـەڵێ نەخۆشـی کـەم چارەسـەری وەکـو (ئایـدزو سوسـەنكو سـیلان).... هتـد کـە ئێسـتا بـۆ دینـا بووەتە کێشـەی گـەورە چ جـای ئـەوەی ئەگـەر خوانەخواسـتە بگاتـە وڵاتێکـی دواکەوتووی وەکو کوردستان. هـەروەها لـەرووی کۆمەڵایەتییـەوە خسـتنەوەی منـداڵی بـێ سەرپەرشـتیارو شـکاندنی سنووری یاسا ئایینیو کۆمەڵایەتییەکان لەلای خۆمان کۆمەڵێ کێشـەی کوشـتنو دوژمنایەتی لێ کەوتۆتەوە، ئەمە جگە لە شەرمەرزاریو ئابڕووچوون بـۆ ئەوانـەی کە لەشفرۆشی دەکەنو یان ئەوانەی کە لەگـەڵ لەشفرۆشـەکاندا هـەمان کـار ئـەنجام دەدەن. لەڕاستیشـدا هـۆی بەرەڵابوونی هەندێ ژن‌و پیاو لەو کارەو پەیـــدابوونی (ســـۆزانی)یـــەکی زۆر دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆمـەڵێ هۆکـاری وەك بـــڕوا بـــوون بـــەرێبازی فرۆیـــد، چارەسـەرنەکردنی کێشـەی شـووکردنو ژن هێنـان لەبنەڕەتـدا، دەسـت بـەتاڵی پیـاوانو لاوانو خۆپێشـاندانی ژنـانو کچان بەجۆرەها جلی جیاوازی سـەرنج راکێش، کۆبوونـەوەی پـارەو دەسـەڵات لای هەنـدێ بـەرپرس‌و کـوڕە بەرپرسـی شەواڵ پیس کە بوونەتە قەڵایەکی قـایم بۆ پشتگیری کردنی ئەو ژنە سـۆزانیانەو پاشـان تەشـەنەکردنی بەڵاکـە بـۆ نـاو کۆمەڵگە، هـەروەها سـەتەلایتو قیـدیۆو مۆبایلی پێشکەوتوو.. هتد هۆکـاری زۆر بەهێزن لەپشتی ئـەو کـارەوە، تەنانـەت لەهەنـدێ کلیپـی گـۆرانی بێـژەکان، مەبەسـتمان (هونەرمەندەکانـە) لەقتـەو جوولـەی وایـان تیایـە کـە تـەواو مـرۆڤ (ئیغـــرا) دەکـــەن واتـــە ســـەرنجی دەسـتەمۆ نـەکرابێو نـاوی نـەزڕابێ لەلایەن راوچییەکی پشت قایمەوە، دواتر بەرەڵای نەکردبێ کەس ناتوانێ دەسـتی بۆ بـەرێت، بەهـەزاران هـەزار ژن‌و کچـی بەشەرەف رۆژانە دەوامی ئاسایی خۆیان ئـــەنجام دەدەنو بەســـەربەرزی دەگەڕێنەوە ناو کـەسو کاری خۆیـان، بەڵام چەندەهاش هەیە لەڕێ دەرکراونو بوون بەنیشانەیەکی عەیب بەنێو چەوانی کۆمەڵێکی بێ ئاگاو بێ تاوانەوە، جارێ بـەپارەو ئۆتۆمۆبیـل، جـارێکی دیکـە لـەڕێی بـرادەریو هاتووچـۆی خێزانـی، جـاریش هەیـە کـۆپی کـردنو مۆنتـاژ کردنی وێنەی ئافرەتی بێ ئاگاو پاشان بەکارهێنانی وەکو فشارێك بۆگیـان ئـەو داماوە هەتا تەسلیم دەبێ، ئەوانە جگە لـەزۆرو بـەزۆر داگیرکـردن لەلایـەن کەسـانێکەوە کـە ئەسـڵەن رێگـەنادەن بـەئافرەتانی خۆیـان سـەردانی هەنـدێ شـوێنی هەسـتیار بکـەن یـان تیایـدا دامەزرێن. کەواتە دەسەڵاتی پیاوسالاری لەشـێواندنی پیرۆزیـەتی سـێکس دیـوە ناشیرینەکەی ئەو پارە قەڵبەیە کە لەزۆر شوێندا لێی بێزاربوون، چارەسەریو ئەم کارەش بەنەهێشتنی بێ کاریو دروست کردنـی کۆمەڵگەیـەکی بەرهـەم هـێنو پەروەردەیـــەکی ســـەلیمە، تەنانـــەت لەزیندانـە ریفۆرمیەکانیشـدا، هـەروەها هۆشـیارکردنەوەی خـەڵك لەئەنجامـە خراپەکانی ئەو کـارەو جێبـەجێ کردنـی یاساکان بە یەکسانی بەسـەر هـەردوولا، ئازادیدان بەکوڕانو کچان لەشـووکردنو ژن هێنـان، هەوڵـدان بـۆ خۆپاراسـتن لەعادات‌و تەقالیدی کۆمەڵگە ئـەوروپیو ئەمریکییـەکان، لـەم رووەوە لـەجیاتی ئـەوە زانسـتەکانیان وەرگـرین هاوشـانی نـرخو بـەهاو نەرێتـەکانی خۆمـان، بەدڵنیاییـەوە باشـترینو جـوانترین کۆمەڵگە دروست دەکەین.